ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست

# کرێکارانی جیهان یەکگرن !

ژمارەی
53

لەم ژمارەیەدا . . .


کێ کرپارە ............................................ ل ۲
چـەمکی ژن و ئـــــازادی .................. ل ۳
هەلبژاردن لە تورکیا و ئاسوی سیاسی ئەو وڵاتە .......... ل ٤
بنیاد گەرایی مەزهەبی و هۆکارەکانی پەرەساندنی ...... ل ٥
یادی دوو ئەستێرەی سوور , فیدائیانی شەهید ....... ل ٦
۳۰ی جۆزەردان لە ڕەوتی خەباتی چینایەتی ل ۷




آرام آ...ی مادرم، آرام
بگذار تا سپیده برآید
بگذار با سپیده بیندند
پشت مرا به تیر
بگذار تا بر آید "آتش"
بگذار تا ستارهء شلیک
دیوانه وار بگذرد از کهکشان خون
خون شعله ور شود
بگذار باغ خون
برخاک تیر باران
پرپرشود
بگذار بذر"تیر"
چون جنگلی بروید در آفتاب خون

## کار , خانوو , ئازادی , کۆماری فیدراتیوی شووڕایی !



# کێ کرێیاره؟



ئێران لە ریزی ئەو ولاتانە دایە کە مافی منداڵان لە وێدا بە شیوەیێکی بەربلاو پێشیل دەکرێ و کارنامەی رێژیمی ئیسلامی دەسەلاتدار لەم زەمینەیەدا زۆر رەش و قورسە .رێکخراو و بنیاتەکانی ناوچەیی و نیونەتەوەیی مافی منداڵان لەم بوارە دا بەڵگەی زۆریان لە دەست دایە .چەوسانەوەی منداڵان لە ئاشکراترین شێوەی ئەو لە هەمان سەرەتای دامەزرانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد و هەروەها بەردەوامە .

نموونەی زۆر ئاشکرا و روونی ئەو سوود وەرگرتن لە کاری منداڵانە , رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئیران لە چەوساندنەوەی منداڵانیش قازانجی مادی وەردەگرێ . سەرنجدان بە بابەتی منداڵان یەکێکە لە گرفتەکانی دلتەزینی کۆمەڵگای ئێران .

سیستەمێک کە لەوێدا منداڵان دەبێ بە پاڵپشتی بارودۆخی ئابووری بنەماڵەکانیان رۆژگار تێپەر بکەن و دەسەلاتیش خۆی لە بەرانبەر گرفتی منداڵان بەرپرس نازانێ ، بە لە بەر چاوگرتنی ئەمەیَ کە لە ئیران دا سەدان هەزار مندالی سەر شەقامەکان بوونیان هەیە , ملیونها کەس لە منداڵان بە هۆی هەژاری و نەداری لە خوێندن بێ بەش و لە هەژاری و بێ بەشی تەواو دا دەژین , رێگایێکی تریان نیە جگە لەوەی کە بۆ زیندوو مانەوە مل کەچی کۆیلایەتی بن و کاری تاقەت پرۆکێن بکەن. ئەمرۆکە کاری منداڵان لە کۆمەڵگای ئێراندا, کۆمەڵگایێک کە زۆرتر لە ٨٠ لە سەدی لە ژێر هێلی هەژاری ژیان بە سەر دەبەن شتێکی سروشتی دەژمێردرێ. ئەم گوڵە لاوانە هێشتا نە کراونەتەوە کە بە هۆی زەختەکانی دەروونی و جیسمی و دڵەراوکەکانیتر پەرە پەرە دەبن.

گرینگترین هۆکاری کار کردنی منداڵان پەرەسەندنی هەژاری و نابەرابەری لە کۆمەڵگا دایە. منداڵیک کە پێش لە خوێندن و فێر بوون خەریکی کار دەبێ ناتوانی بیوژێتەوە و هێزی خوڵقینەری شاراوەی خۆی نیشان بدات لە حالێکدا ئەگەر لە لانی کەمی ئاسوودەی بەهرمەند بێت خویندەواری ببایە ئاوا شتێک رووی نەئەدا.

دەیان هەزار منداڵی تەمەن ژێر ١٥ ساڵ بەشێک لە حەشیمەتی خەریکی کاری وڵاتن کە بەشێکی گرینگ لەوان لە هەل و مەرجی باشی کار, ژیان و خوێندن بێ بەشن . زۆر منداڵی تەمەن ١٠ تا١٨ ساڵ لە بەشەکانی پیشەیی, وردە فرۆشی, چاککردنەوە, گواستنەوە و ماسی گرتن خەریکی کارن . لە لایێکی ترەوە دەیان هەزار قوتابی پاش تەواو کردنی قۆناغی خوێندنی ناوەندی ناتوانن بچنە قۆناغی ئامادەیی و بەرەو بازارەکانی کاری رەسمی و نیوە رەسمی لە شار و لادێکان دەچن . نیوەی ئەو کەسانەی کە وازیان لە خوێندن هێناوە بریتین لە کچان, بۆیە هەتا ئەگەر ئەم وتەی بەرپرسانی رەسمی رێژیمیش کە تێ دەکوشن لانی کەمێک لە راستیەکان رابگەێنن تاکو رێژیمەکەیان بێ بەلا بێت و هەروەها نەکەونە بەر رق و بێزاری بەرپرسانی سەرەوەیان, بکەین بە ئەساسی هەلسنگاندنمان, دیمە نێک لە بارودۆخی کار و ژیانی دڵتەزینی منداڵان لە پیش چاومان ئاشکرا دەبێت. کۆمەڵگایێک کە زۆرتر لە ٨٠ لە سەدی ئەو بە دڵەراوکە, مەترسی و بێ ئاسوویی ژیان بە سەر دەبەن, کومەڵگایێک کە لەوەیَ دا نیوەنجی تەمەنی « لەش فرۆشی » و « راوەستانی دڵ » گەیشتووەتە ٢٠ ساڵ ! ئایا ئەمە کارەساتێکی دڵتەزینی مرۆڤایەتی نیە پەس چیە ؟

کاری منداڵان پەیوەندیی هەیە بە ئابووری رەسمی کە لەوەیَ دا بە شێوەی نایاسایی منداڵان دەچەوسێننەوە و سەرجەم خەریکی کارەکانی سەخت و پر لە مەترسین, وەک کار لە کارگەکانی چاککردنەوەی ئوتومبیل, کارخانەکان, پیشە دەستیەکان, کارگەکانی ماشین و پیشەیی و کارگەکانی قالی چنین کە بە لە بەر چاوگرتنی یاسای نیونەتەوەیی کار کە بە پێ ئەو دا هیچ کەسێک کە تەمەنی خوارەوەی ١٥ ساڵ بێت نابێ بە رەسمی کار بکات, کار کردنی منداڵان لەم بوارە دا بۆ خاوەن کار تاوان دەژمێر دری. ئەمە لە هەل و مەرجێک دایە کە خاوەن کارەکان دەڵێن: هەرچی تەمەنی کرێکاران کەمتر بێت باشترە چوونکە حەق دەس و مافی کرێکارانی ئاسایی بە ئەوان نادرێت.

بە پێ راپورتە جۆرا و جۆرەکان, تەمەنی منداڵانی قالی چن, کە یەکێک لە کارە باوەکانی منداڵانە, ٧ تا ١٥ ساڵە کە هەر رۆژ ١٢ کاتژمێر لە هەل و مەرجی زۆر خراپ کار دەکەن. یەکێک لەو بابەتانەی کە هەستی مرۆڤ بە نیسبەت کاری منداڵان بریندار دەکات, دەس درێژی جینسی لەوانە دایە کە زۆرتر لە کارەکانی شەوانە و ئەو شوێنانەی کاری بە کۆمەڵ لێ دەکرێ, روو دەدات. لە ئاوا هەل و مەرجێکی دڵتەزین بۆ منداڵان کە هەمووی دەگەرێتەوە هۆی هەژاری و بێ بەشی .

هەموو کەسێک دەزانێ کە ئیران ولاتێکی دەوڵەمەندە و لەوێدا ئەوەندە ئیمکانات و سەرچاوەی ژێر زەوی و سامان هەیە کە پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی و دەرمان بە خۆرایی بێت. هەموو کەس خاوەن خانوو بێت و کەسێک بە برسیەتی شەوان نەخەوێ . ئیستا بۆ خەڵکی ئێران کەوتووتە ئەم رۆژە رەشە دا ؟ دەبێ سیستەمی دەسەلاتدار تاوانبار بناسین . سیستەمێک کە, کەمترین بونێکی لە «ئازادی » و «عەدالەت» نەبردووە .

...

**مەزاد... مەزاد ...**
**هەرچیم هەیە هەمووی مەزاد..**
**بە پارچەیەک پەڕۆی سادە ,**
**کە هەڵبکرێ و بشنێتەوە**
**لە سەر بستێک زەویی ئازاد!**
**مەزاد ... مەزاد ...**
**هەرچیم هەیە هەمووی مەزاد**

شیعر عەبدوڵلا پەشێو

# چەمکی ژن و ئـــــازادی

**چەمکی ژن و ئازادی شتێك زۆر مەزنتر و قووڵترە لە وە دەست هێنانی ئازادی دیموکراتیکی بورژوازی بۆ ژنان و رزگار کردنیان لە ژووری خەوتن و ئاشپزخانە !**

چەمکی ژن و ئازادی و تێگەیشتنی ئەم بابەتە راستەوخۆ دەگەریتەوە بۆ تێگەیشتنی ئێمە لە چەمکی ستەم و چەوسانەوە لە کۆمەڵگای چینایەتی و پێویستە دۆزینەوەی جۆرەکانی ستەم لە کۆمەڵگایێک کە لە وێدا ستەم لە سەر ئەساسی چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ دانراوە و پێویستە کە لە روانگەیێکی دیالیکتیکی تماشای بابەتی ستەم لە کۆمەڵگای چینایەتی بکەین تاکو بتوانین جۆرەکانی ستەم لە سەر بناغەی چەوساندنەوەی چینایەتی بدۆزینەوە, ئاشکرایان بکەین و بۆ نەهێشتنی خەباتی بەکردەوە و چالاکیمان بێت. ئەگەر بتوانین لەم روانگەوە تماشای بابەتی ستەم و چەوساندنەوە و جۆرەکانی لە کۆمەڵگای چینایەتی بکەین ئەو کاتە بۆمان دەر دەکەوێ کە سەر تا پێ ئاوا کۆمەڵگایێک کە سیستەمی چەوسێنەرانە بە سەریدا داسەپاوە بە هەموو چین و توێژەکانی گیرودەسی پەیوەندیەکانی نایەکسان و دوور لە عەدالەتە. بوونی ستەمی نەتەوایەتی, رەگەزی , جینسی, مەزهەبی و ... راستیێکە کە لە ئاوا کۆمەڵگایێک دەتوانین هەستی پێ بکەین و دەبێ بو نەهێشتنی تێ بکوشین بەلام ئەساس داینە کە سەرچاوەی بوونی جورەکانی ستەم لەم چەشنانە وەک هۆکاری ئەوان لە بیر نەکەین و پەیوەندی هاشاهەڵنەگریان بە هۆکاری ئەسلی واتە چەوسانەوەی چینایەتی و بوونی سیستەمی چەوسێنەرانە لە بەر چاو بگرین. تاکو بتوانین خەباتیکی بەکردەوە و کاریگەر بۆ بەرە و پێش بردن و پەرەساندنی خەباتی هەموو لایەنەی چین وتویژەکانی ژێر ستەم بە ئەنجام بگەیێنین. ئەگەر سیستەمی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری بە جۆرەکانی جیاوازی خۆی رزیو و دواکەوتووانەیە دەبێ بزانین کە ئەو پەیوەندیانەی کە ئەم سیستەمە لە سەر ئەواندا دامەزراوە پەیوەندیەکانی ژێر خانی کۆن دەبیتە هۆی بەریوبردنی پەیوەندیەکانی سەرخانی کۆن دواکەوتووانەی چەوسینەرانە کە خۆی لە بوونی ستەمی نەتەوایەتی مەزهەبی، جنسی و رەگەزی و...نیشان دەدا. هەرچەندکە خەبات بۆ وەدەست هێنانی ئازادیەکانی دمۆکراتیک بەتایبەت سەبارەت بە ژنان ئائەوارەیە کە ئەوان هەست بە ئەوەبکەن کە سەرچاوەی دیل بوون و چارە رەشیان نەک لە نەبوونی ئازادیەکانی دیموکراتیکی بۆرژوازیئە بەڵکو لە بوونی پەیوەندیەکانی کۆن و رزیوی چەوسێنەرانەی ئابووری و کۆلایەتیە, باشە و دەبێ بۆ وەدێ هێنانی ئەم مافە سەرەتائتە خەبات بکەین. بەلام هیچ کات ناتوانین هەموو خەباتی خۆمان لەم چوارچیوە تەسکە بەربەست بکەین و خەباتی ژنان لە خەباتی سەرجەم تویزەکانی ژێر ستەم کە ژنانیش بەشیکن لە وێ جیابکەنیەوە و پەیوەندیان لە گەڵ یەکتر لەبەر چاوە نەگرین .دەبێ بزانین لە کۆمەڵگایێک کە پەیوەندیەکانی چەوسێنەرانە و نایەکسانی چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ باوە سەرە رای وەدەست هێنانی ئازادیەکانی دیموکراتیکی بورژوازیی بۆ ژنانە , ئەوان هەروا وەک باقی توێژەکانی هاوچارەنووسیان دەست و پێیان لە زنجیری کوێلەیەتی گرفتارە. ئەگەر لەم روانگەوە تماشای چەمکی ژن و ئازادی و خەباتی ژنان و جوولانەوەی ئەوان بکەین ئەو کات بۆمان دەر دەکەوێ کە مەبەست لە هەوڵ و تەقەلای ئیتوریسیەنەکانی راسپارەی بورژوازی بۆ بەر بەست کردنی خەباتی ژنان لە چوارچیوەی تەسک و دیاری کراو بۆ تەنیا بە دەست هێنانی ئازادیەکانی دیموکراتیکی بورژوایی کە لە تەواو بوونیان جێگای وەهم و گومانی زۆر هەیە, چیە. ئەوکات دەزانین کە ئەوانیش وەک ئەوانەی کە مەدنیەی فازلەکانیان بەریوە دەبەن خوازیاری ئەوون کە ژن وەک ئامرازی رابواردن و خۆشگوزەرانی و وەک کەرستەیێک نەک لە ژێر چوارچێوە و چادر بیبێتە مرۆڤی پاە دووهەم بەڵکو ئەم جارەیان لە کابارەکان و شوێنەکانی رابواردنی رەسمی بە جێگای سیخەخانەکان پەیوەندیەکانی چەوسێنەرانی جینسی سەر لە نوێ بەرهەم بێنێ. ستەمی جینسی خۆی بەرهەمی بیروبۆچوونی دواکەتووانەیە کە ژن لە شوێنی ژیان و کۆمەڵگا و تەنانەت بنەماڵە دیل دەکات بەلام بیروبۆچوونی دواکەوتووانەیش بەرهەمی پەیوەندیەکانی کۆن و رزیوی بەرهەم هێنانە کە لە سەر ئەساسی چەوساندنەوە و سیستەمی چێنایەتی بناغەی دانراوە و هۆکاری مادی دەبێتە زەمینەیێک بۆ پەرەساندنی جۆرەکانی ستەم و بۆ نمونە ستەمی جینسی. بۆیە پێویستە زەمینەکانی مادی کە لە پەیوەندیەکانی چەوسێنەرانە سەرچاوە دەگرێ و دەبیتە هۆی پەیدا بوونی جۆرەکانی ستەم لە کۆمەڵگای چینایەتی لە ناو بچێت و ئاڵوگۆرێکی بنەرەتی لە پەیوەندیەکانی سیاسی, ئابووری و کۆمەڵایەتی پێک بێت. لە بەر چاو گرتنی ئیستراتیژیکی دیاریکراو دەبێتە هۆی ئەوەی کە هێز و توانای خەباتمان بۆ گەیشتن بە ئامانج بەربەست ناکریت بەلام لە هەمان کاتدا دەتوانین بە پێ هەڵ و مەرجی خەبات و زەق بوونی جۆرەکانی ستەم لە کۆمەڵگای بن دەست وەک نموونە خەباتی ژنان بۆ وەدەست هێنانی ئازادیەکانی دیموکراتیک کە سەرەتائیکە بۆ پەرەساندنی خەباتیان بۆ رزگاری و پەیوەندی پتەوتر لە گەڵ خەباتی سەرجەم توێژەکانی ژێر دەستەی کۆمەڵگای چەوساوە بۆ وەدی هێنانی داخوازیەکانی دیموکراتیکی ژنان چالاکانە بە شداری بکەین . بۆیە چەمکی ژن و ئازادی شتێک زۆر مەزنتر و قووڵترە لە وە دەست هێنانی ئازادی دیموکراتیکی بورژوازی بۆ ژنان و رزگار کردنیان لە ژووری خەوتن و ئاشپزخانە (مەتبخ).

**کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئێران، یەکسانی مافی هەموو هاوڵاتیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی رەگەز، نەتەوە، مەزهەب، بیروڕا، جینس، زمان وهتد... لە هەموو بوارەکان بەرەسمی دەناسێت. و دژی هەرچەشنە ئیمتیاز و ستەمیك بەنیسبەت کەمایەتیەکانی نەتەوەیی، فەرهەنگی و هتد... خەبات دەکاو خەبات دژی پیاوسالاری، دژایەتی لەگەڵ ژنان و باوەرەکانی دواکەوتووی مەزهەبی و کۆن بەتایبەت لە بواری هێرش بردنە سەر مافەکان و یەکسانی ژنان،بە ئەرکی خۆی دەزانێ.**

# هه‌ڵبژاردن له‌ توركیاو ئاسوی سیاسی ئه‌و ولاته‌




له‌ هه‌لبژاردنه‌كانی په‌رلمانی توركیا كه‌ له‌ رۆژی ١٢ی جون به‌رێوه‌ چوو حیزبی عه‌دالەت و په‌رەپێدان به‌ رێبه‌ری ره‌جه‌ب ته‌یب ئه‌ردوغان سه‌روك وه‌زیرانی ئێستای توركیا بۆ جار سێهه‌م توانی سه‌ركه‌وێ و حكومه‌ت به‌ ده‌ستەوه‌ بگرێ . هه‌ڵبه‌ته‌ رێژه‌ی كورسیه‌كانی ئه‌و حیزبه‌ به‌و راده‌یه‌ نیه‌ كه‌ بتوانێ ئالوگۆرێك له‌ یاسای بنه‌ره‌تی توركیا پێك بێنێ و بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ حیزبی ئه‌ردوغان ئه‌یهه‌وێ له‌ گه‌ل حیزبه‌ نه‌یاه‌كانی توركیا له‌ په‌رله‌مان له‌ باره‌ی گۆرینی یاسای ئه‌ساسی توركیا گفتوگو بكات . له‌ هه‌لبژاردنه‌كانی په‌رله‌مانی توركیا كورده‌كان توانیان ٣٦ كورسی په‌رله‌مان به‌ ده‌ست بێنن . له‌ ٣٦ نوێنه‌ری كورده‌كان بۆ په‌رله‌مان ۶ كه‌سی ئه‌وان ئێستا له‌ زیندان و ١١ كه‌سی تریش له‌وان ژنن . به‌م شیوه‌یه‌ بۆمان ده‌رده‌كه‌وێ كه‌ زۆرینه‌ی په‌رله‌مان له‌ ده‌س كه‌سانێكه‌ كه‌ خوازیاری گورینی یاسای ئه‌ساسی توركیه‌ن كه‌ پاش كودیتای نیزامی ساڵی ١٩٨٢ ده‌ستووره‌كه‌ی نووسراوه‌ و په‌سه‌ند كراوه‌ . به‌لام گۆرینی ئه‌م یاسایه‌ ده‌بێته‌ هۆی به‌ وجود هاتنی قه‌یرانه‌كانی سیاسی له‌ توركیا . له‌م ناوه‌دا حیزبی عه‌دالەت و په‌ره‌پێدان به‌ سێهه‌مین ده‌وره‌ی سه‌ركه‌وتنی خۆی له‌ هه‌لبژاردنه‌كانی توركیا له‌ ده‌هۆلی زیندوو كردنه‌وه‌ی هێز و ده‌سه‌لاتی ئیمپراتوری عوسمانی ده‌دا و سه‌ركه‌وتنی خۆی به‌ سه‌ركه‌وتنی موسڵمانان له‌ ئه‌سته‌نبوڵ تاكو بوسنی و له‌ ئه‌زمیر تاكو به‌یروت و له‌ ئانكارا تاكو ده‌میشق و له‌ دیاربه‌كر تاكو راموڵلا و له‌ نابلوس و جه‌نین و كه‌رانه‌ی غه‌ربی و قودس و غه‌زه‌ راده‌گه‌یێنێ .هه‌ڵبه‌ته‌ نه‌خشه‌یه‌ك كه‌ ئه‌ردوغان و حیزبه‌كه‌ی له‌ زیندوو كردنه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتی ئیمپراتوری عوسمانی دارشتوون نه‌ له‌ په‌رپێدانی سنووره‌كانی جوغرافیایی به‌ڵكو له‌ په‌ره‌پێدانی حه‌وزه‌ی نفوز و ده‌سه‌ڵاتی ئابووری و فه‌رهه‌نگی توركیا له‌ ناوچه‌كه‌یه‌ . رۆڵگیرانی توركیا له‌ ناوچه‌كه‌ له‌ زیره‌كی و ده‌رایه‌تی رێبه‌رانی دواكه‌وتووی ئه‌م ولاته‌ به‌ڵكو سه‌رچاوه‌گرتوو له‌ پشتیوانی بێ ده‌ریغی ئیمپریالیسمی جیهانی به‌ سه‌ركرده‌گی ئیمپریالیسمی ئه‌مریكا له‌ حاكیمانی ئه‌و ولاته‌یه‌ . ئیمپریالیسم بۆ مه‌هار و كونترول كردنی ئیسلامی بنیاد گه‌را پیویستی هه‌یه‌ به‌ ئه‌حزابێك وه‌ك حیزبی عه‌دالەت و په‌ره‌پێدان و بۆ سه‌ركوتی شۆرش له‌ ولاتێك كه‌ پردی په‌یوه‌ندی ئاسیا و ئوروپا ده‌ژمێردرێ له‌ شونیسته‌كانی تورك و ئه‌رتشی پشتیوانی ئه‌وان كه‌ڵك وه‌رده‌گرێ . له‌م ناوه‌دا مه‌سه‌ڵه‌ی كورده‌كان رۆژ له‌ دوای رۆژ له‌ توركیا ئالۆزتر ده‌بێت . حیزبی حاكیم هه‌رچه‌ند بۆ گۆرینی یاسای ئه‌ساسی توركیا پیویستی هه‌یه‌ به‌ كورده‌كان به‌لام داخوازیه‌كانی كورده‌كان ئێستاكه‌ زۆر زیاتر له‌و شته‌یه‌ كه‌ حیزبی حاكیم حازر به‌ قبول و ئه‌نجامی ئه‌وه‌ .بۆیه‌ قبوڵكردنی داخوازیه‌كانی كورده‌كان له‌ لایه‌ن حیزبی حاكیمی عه‌دالەت و په‌ره‌پێدان وه‌ك هێنانه‌ خواری شمشیری دوو لێوه‌ له‌ سه‌ر ملی خۆی . قبوڵی داخوازیه‌كانی كورده‌كان وه‌ك ره‌ت كردنی داخوازیه‌كانی شوونیسته‌كانی تورك كه‌ له‌ ناو حیزبی عه‌داله‌ت و په‌رێپدان زۆرن و له‌ به‌ر چاو نه‌گرتنی داخوازیه‌كانی كورده‌كان ده‌بێته‌ هۆی سه‌رهه‌ڵدانی ده‌ورێكی تازه‌ له‌ راپه‌رین و نائارامی له‌ ناوچه‌ كورد نشینه‌كانی توركیا .

**هه‌ڵویست وه‌رگرتن سه‌باره‌ت به‌ له‌ ناو بردنی سته‌می نه‌ته‌وه‌یی و به‌ ره‌سمی ناسینی مافی چاره‌ی خۆ نووسین پێوانه‌یێكی زۆر گرینگ و ئه‌ساسه‌یه‌ بۆ ناسینی دوستان و دوژمنانی ئازادی . تا ئه‌و كاته‌ی له‌ ئێراندا نه‌ته‌وه‌كان به‌م شێوه‌یه‌ له‌ زنجیری دیلی به‌ سه‌ر ده‌به‌ن , دامه‌زراندنی ئازادی و دیموكراسی هیچ مانایێكی نیه‌ .مێژووی خه‌باتی سه‌د ساڵه‌ی ڕابردوو له‌ ئێراندا , ئه‌م راستیه‌ حاشا هه‌ڵنه‌گره‌ وه‌ ده‌ر ده‌خات كه‌ هه‌ر كات خه‌ڵكی زه‌حمه‌تكێشی ئێران ڕاپه‌ریون تاكو كوشكی زۆڵم و دیكتاتۆری برووخێنن , له‌م گیر و داره‌دا تا نه‌ته‌وه‌یك ویستویه‌تی له‌ ده‌سكه‌وتی خه‌باتی خۆی كه‌ڵك وه‌ر بگرێ وچاره‌ نووسی خۆی دیاری بكات , له‌ ژێر ناوی (( خه‌ته‌ری جیاخوازی )) كه‌وتووه‌ته‌ به‌ر هێرش و هه‌ر له‌و شوێنه‌دا بناغه‌ی گه‌رانه‌وه‌ بۆ دیكتاتۆری , سه‌ركوت و به‌رده‌وامی ئه‌و له‌ سه‌رانسه‌ری ولات دانراوه‌ته‌وه‌ .ده‌توانین بلێن كه‌ ریشه‌كانی دیكتاتۆری و دواكه‌وتوویی له‌ ئێراندا له‌ دیل بوونی نه‌ته‌وه‌كانه‌ .**

# بنیاد گەرایی مەزهەبی و هۆکارەکانی پەرەساندنی

ئەو حەرەکەتانەی کە بۆ بە جیهانی بوونی سەرمایە لە بارودۆخی ئێستادا ئەنجام دەگرێ هاوکاتە لە گەڵ رەوتی خێرا و بە پەلەی کۆبوونی سەرمایە لە جیهانێک کە سیستەمی ئیمپریالیستی بە سەرێدا زاڵە . جیهانی بوون گۆرانکاریەکانی خێرا و لە ناکاو لە ژیانی کۆمەلانی خەڵک بە جێهێشتووە و زۆر جار بووەتە هۆی لاواز بوونی پەیوەندیەکان و داب و نەریتی کۆن لە کۆمەڵگادا . هەڵبەتە دەبێ لە بەرچاوی بگرین کە ئاوا تەعسیراتێک لە ولاتانی جیهانی سێهەم زۆرتر بووەتە هۆی پەرەساندنی بنیاد گەرایی مەزهەبی . لە گەڵ پەرەساندنی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە ولاتانی جیهانی سێهەم توێژەکانی وردەبورژوازی شار و لادێ لە لانی کەمی سەرمایەی خۆیانیش بێ بەش کران و بە تایبەت ئەمەی کە وردە بورژوازی لادێ بە لە دەس دانی بەشە بچووکی زەویەکەی بە مەبەستی بە سەر بردنی ژیانی خۆی بە ناچار رووی هێناوەتە شارەکان و چووەتە ریزی قەراخ نشینانی شارەکان . ئەم حەشیمەتە مەزنە واتە قەراخ نشینانی شارەکان و یان زاغە نشینەکان نە خاوەن هەلومەرجی کۆنی خۆیانن و نە دەتوانن بە ئاسانی لە گەڵ هەلومەرجی تازەدا خۆیان تەتبیق بدەن . زۆربەی ئەوان لە کار و چالاکی ئابووری غەیری رەسمی وەک دەورە گەردی و دەس فرۆشی و یان قاچاخ و . . . خەریک دەبن . حەشیمەتێکی زۆر کە لە هەلومەرجی کۆنی خۆیان براون و ئیمکاناتی تیکەڵ بوون لە هەلومەرجی تازەیان نیە و بۆ راکێشان بەرەو لای بنیاد گەرایی مەزهەبی خاوەن زەمینەکانی لەبار و گونجاون . کەسێک کە دەچێت بەرەو لای بنیاد گەرایی مەزهەبی لە هەلومەرجی تازە ماندووە و ڕێگای زاڵبوون بە سەر هەلومەرجی نالەباری ژیانی خۆی لە زیندوو کردنەوەی هەلومەرجی کۆن و رابردوو دەبینێ کە لانی کەم بۆ ئەو زۆرتر تەحەمول دەکرا . سەرەرای ئەوەی کە هێشتا بە دوای ئەوە کە بتوانێ وەک جاران لانی کەمی سەرمایەی لە خۆوە بێت . پەرەساندنی بنیادگەرایی مەزهەبی تایبەت بەو ولاتانەی نیە کە ئیسلام دینی سەرەکی و زاڵ بە سەریاندایه .بەڵکو لە ولاتانی دواکەوتووی مەسیحیش رووبەڕوو بوونەوەی کۆمەلانی هەژاری پروتستان لە گەڵ کاتولیکەکان بە چاو دەبینین . هەڵبەتە جگە لە هۆکارەکانی پەرەساندنی بنیادگەرایی مەزهەبی حەرەکاتی ئامانجداری سیاسی ئیمپریالیستیش لەم بوارەدا دەستی هەیە . بۆ نموونە پاش رووخانی ئوردوگای سوسیالیستی ، ئیمپریالیستەکان هەولیان داوە وا نیشان بدەن کە هەڵواسان بە بیروبۆچوونی دواکەوتووانە تەنیا ڕێگای موخالیفەت لە گەڵ سیستەمی چەوسێنەرانەی حاکیمە . کۆمەلانی تینووی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی کاتێک لە ژێر تەعسیری پروپاگەندەی موغرزانەی ئیمپریالیستەکان و روشنبیرانی قەڵەم بە موزدی ئەوان کە هەر سات لە دەهۆڵی مەرگ و نەمانی کومونیزم دەدەن ، قەرار دەگرن ڕێگای دەرباز بوون لە هەلومەرج و بارودۆخی چەوسێنەرانەی حاکیم و خەبات بە دژی ناعەدالەتیەکان بە هەڵە لە بیروبۆچوونی دواکەوتووانەی بنیاد گەرایی مەزهەبی دەبینن . چاوخشاندنێک بە سەر مێژوو نیشانی دەدا کە ئیمپریالیسمی جیهانی بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ پەرەسانی بیروبۆچوونی کۆمۆنیستی و تەمانەت غەیری مەزهەبی تا چ رادەیەک مەزهەب و بنیاد گەرایی مەزهەبیی بە هێز کردووە و یارمەتیی داون . لانی کەم مێژووی سەد ساڵی رابردووی ئێران لە کاتی بزووتنەوەی مەشرووتە خوازی تاکو ئێستا بە باشی سەلمێنەری ئەم راستیەیە کە ئیمپریالیسم و بنیادگەرای مەزهەبی هاو هەنگاو و هاو دەنگ و لایەن بۆ سەرکوتی بزووتنەوەکانی شۆرشگێرانە و پێشکەوتوو لە ولاتەکەمان هەنگاویان هەڵگرتووە . لایەنی سیاسی لە گەڵ هۆکارەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی هەموو رووداوەکانی مێژوویی لە ولاتانی جیهانی سێهەم بە مەبەستی لاواز کردن و لە ناو بردنی هێزەکانی شۆرشگێر و پێشکەوتوو و بە هێز کردنی بنیاد گەرایی مەزهەبیە . تێگەیشتن لە راستیەکانی عەینی یارمەتیمان دەدا تاکو دژایەتیەکانی سەرەکی باشتر بناسین و لێکی بدەینەوە . ئەگەر بتوانین ئەم کارە بە باشی ئەنجام بدەین ئەو کات دەتوانین دیاردەی بنیاد گەرایی مەزهەبی کە شکلێکە لە شکلەکانی سەرهەڵدانی ئاوا دژایەتیەک لە ناو کۆمەڵگادا باشتر بناسین و هەلیسەنگێنین و لە سەر ئەساسی ئاوا ناسینێک بزووتنەوەیێک پێک بێنین کە بەر بە گەرایشی کۆمەلانی خەڵک بەرەو لای بنیادگەرایی مەزهەبی و دواکەوتوویی بگرێت . ئەو کات کۆمەلانی خەڵک دەتوانن بە بیر و بۆچوونی پێشکەوتوو بۆ بناغە دانانی جیهانێک بە تەواوەتی جیاواز لەم جیهانە هەنگاو هەڵبگرن .

**پەرەساندنی بنیادگەرایی مەزهەبی تایبەت بەو ولاتانەی نیە کە ئیسلام دینی سەرەکی و زاڵا بە سەریاندایە .بەڵکو لە ولاتانی دواکەوتووی مەسیحیش رووبەڕوو بوونەوەی کۆمەلانی هەژاری پروتستان لە گەڵا کاتولیکەکان بە چاو دەبینین .**



# بە یادی دوو ئەستێرەی سوور , فیدائیانی شەهید هاوڕێ مەزن ئەمیر پەرویز پویان و شاعیری گەل سەعید سوڵتانپوور





جۆزەردان ، مانگی لە خاك و خوێن كەوتنی دەیان فیدایی خەباتگێر و كۆمۆنیستە . ئەو كەسانەی كە بە سوور بوون لە سەر ئارمانەكانی ئینسانی خۆیان لاپەرەكانی‌تری پڕ لە شانازیان بە سەر مێژووی خەباتی یەكسانی خوازانە و ئازادیخوازانەی چینی كرێكار و زەحمەتكێشانی ئێران هەڵدایەوە .

بابەتی خوارەوە نووسراوەیكە لە فیدایی شەهید هلوریَ سەعید سوڵتانپوور ، شاعیری خەڵكی بێبەش و چەوساوە لە بارەی شۆڕشگێری مەزن ، فیدایی شەهید ئەمیر پەرویز پویان كە هەر دووی ئەوان لە شەهیدانی مانگی جۆزەردانن .

من این گل را
میشناسم ،
رها كنید مرا ، رها كنید شانە و بازویم را
رها كنید مرا تا ببینم
من این گل را میشناسم
من با این گل سرخ در قهوەخانەها
نشستەام
من بە این گل سرخ در میدان راه یٚهن
سلام دادەام
یٚ . . . ی
من این گل را میشناسم

لە زیندان بووم كە خەبەر گەیشت . وێنەی هاوڕێ لە گەڵ هاورێیەكانی‌تری لە ڕۆژنامەدا بوو . چاوم لە سەر وێنەكە ڕاوەستا . . . پویان . . . سەیرە . . . دەستیان پێكردووە . . . بە دوای ئەو سەفەرانەی بۆ لادێكان ، ئەو دۆستیەكانی لە گەڵ خەڵكی جۆراوجۆردا . . . ئەو پیرەمێردە لادێیە لە شەمەندەفەرەكە . . . ئەو لاوە لە گەڵ ئەو جلوبەرگە چەور و ڕۆنیە لە قاوەخانەدا . . . ئەو یادداشتانە . . . ئەو شێوە جل وبەرگ لەبەر كردنە جۆراوجۆریەدا . . . وەك خەڵك بوو . . . وەك خەڵك قسەی دەكرد . .. ئەو كتێبان ... ئەو وەرگێرانانەی . . . ئەو ون بوونە لە ناكاوانەی . . . ڕۆژێك لە مەشهەد . . . ڕۆژێك لە گوندەكانی گیلان . . . ڕۆژێك لە شارەكانی لورستان . . . ڕۆژێك لە تەورێز . . . هەموو كات لە نێو خەڵك و كەمتر لە نێو ئێمەی ڕۆشنبیران . . . بە ڕاستی سەیر بوو و ئەو ڕۆژە . . . لە سەر چیمەنی زانكۆدا . . . خەریكی وەرگێرانی نووسراوەیێك لە جورج حەبەش بوو . لە لای ئەودا دانیشتم ، سەری بەرز كردەوە . ئەو ڕووخسارە سەوزە تۆخە ، ئەو چاوە پڕ لە نفوزانە و میهرەبانەی و لەهجە بۆمیەكەی : " هێزە شۆڕشگێرەكانی ئێران تاوانی خیانەتی حیزبی توودە دەدەنەوە . ئەم خیانەتە مێژووئیە . تەنیا بە حەرەكەتێكی مێژوویی دەتوانین ئەو خیانەتە پاك بكەینەوە " . " ئەم دیكتاتۆریە ڕزیوە . خەڵك دەبێ باوەڕیان بێت . " . " قسە كردن سەبارەت بە ماركسیزم خراپ نیە ، بەڵام عەمەڵ كردن بەو زۆر سەخت و دژوارە . " و پاشان بە لەحنێكی سادە پرسیاری كرد : " دەتوانی گریم كردن فێری من بكەی ؟ ! " پێم سەیر بوو و بە ئارامی بە منی گوت : " حەزم لە شانۆگەریە , لەوانەیە پێم و هاوڕیان گریم بكەم . . . " و ئەو شەوە . . . زستان بوو و هەناسە لە سەر سمێلی ئینسان دەرچا . ئەو لەشە موقاوم و چالاكە . . . ئەو لەشە بچووك بەڵام یەك پارچە جموجوڵ و كۆششە . . . دەلەرزا . . . بەو كراس و ژاكەتە نوێیە , بەو كۆتە مەعمولیە . . . لە سەر قسەی خۆی سوور بوو كە هەوا سارد نیە . ووتی : " جلوبەرگی زۆر بەر بە دەست و پێ ئینسان دەگرێت " . . . پێم ووت : " ئەدی ئەمەیشە بوو بە جلوبەرگ " ووتی : " زۆر ئەشرافیە " . و دەستی كە لە گیرفانیدا بوو لە ئاسەری قوڵی كۆتەكەی وەدەرهێنا و بە قامكەكانی گەمەی دەكرد . پێكەنینمی گرت , ئەویش پێدەكەنی : " لەوانەیە تۆیش ڕۆژێك پیویست بێت ئاسەری كۆتەكەت بیدڕی . " سەر لە قسەكەیم دەرنەهێنا . لەو هەوا ساردەدا هەزاران مەتر لە گەڵ یەكتر پیادەڕەویمان كرد و سەبارەت بە ژیانی كرێكاران قسەی دەكرد . لە ژیانی جووتیاران ، لە سەندیكاكان ، لە شركەتەكانی كشتوكاڵی . . . لە بانكەكان . . . لە وامەكانی خەڵكی دەس كورت و هەژار , و پاشان لە ڕۆشنبیرانی بورژوایی قسەی دەكرد : " هەموو كەسێك لە چووڵایی و بە قسەدا خەباتگێرن ! ! " پێم گوت , چ كارێك دەبێ بكەین ؟ " پێدەكەنی و گوتی : " ئەگەر بە وردی بە من بڵی كە چ كارێك ناكرێ ئەنجام بدرێ , ئەو كات بە تۆ دەڵێم كە چ كارێك دەكرێ بە ئەنجام بگات " بێ دەنگ بووم : " بۆ ئەوەی كە بزانی و تێبگەی كە چ كارێك ناكرێ ئەنجام بدەی , دەبێ كار و چالاكیت هەبێ , دەبێ كۆمەڵگا بناسی , سەردانی گوندەكان بكەی , خەبەرت بێت لە كارخانە , دەبێ بزانی كە لە ژێر ئەم سەقفە چ ڕوو دەدات . " و ئەو كات ئیشارەتی كردە ئالونەكەكانی پشت موجەسەمەكە . لەو شەوە بەدواوە ئەوم نەبینی . پێم وایە هەر ئەو شەوە بە سەرێك كە جووڵاند و تەماشایكی تووندی بە سەر ئالونەكەكان كرد لە نێوان هەمان ئالونەكانە لە من جیا بوو . هەر كات كە بیری لێ دەكەم ئالونەكەكانی ئەو زستانە ساردە دێتە پێش چاوم و ئەو هاوڕێیە كە وەك گەوەزنێك كە سەرمای بێت لە ناو ئالونەكەكان لێم دوور كەوت . خەباتگێرێكی هونەرمەند بوو . هێندێك جار شیعری دەگوت و هێندێك جاریش چیرۆك و داستانی دەنووسی . لە ڕەخنە گرتن لە هونەر و هونەرمەند ئەگەرچی چەند نووسراوەیكی زۆرتر نیە , بەڵام بناغەدانەری شێوەیكی ماركسیستی لە ڕەخنەگرتن لە هونەرە . ئەو ئاخیر شەوەی كە ئەوم بینی لە خانووی تیمی هاتبووە شانۆ و من ئەمەم نەدەزانی.هاورێكی سادە و وشیار , ڕەخنەگر و میهرەبان . . . هاورێكی شۆڕشگێر كە زۆر شتی فێری ئێمەی كرد. هاوریَ مەزن پویان و هاوڕیانی‌تری ئەو دامەزرێنەری بزووتنەوەی نوێی كۆمۆنیستی ئێران بوون . بزووتنەوەیێك كە هێشتا ئەرزشەكانی مێژوویی ئەو بە تایبەت لە زەمینەی پەیوەندی داهێنەرانەی تیئوری و پراتیك و ئاكامەكانی نوێی ئەو بابەتی باس و خەباتی تیئوریكی هێزەكانی شۆڕشگێرە .

« یادیان بەرێز و ڕێگایان پڕ لە ڕێبوار »

# ٣٠ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی ( ١٩٨١ی زائینی )
# لە ڕەوتی خەباتی چینایەتی

30 ساڵ لە خۆپیشاندانی خوێناوی ٣٠ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ تێپەری . 30 ساڵ پڕ لە دژایەتی , ململانی , خەباتی بێ وچان سەرەرای هەوراز و نشێوی زۆر و سەرکوت و کوشتاری ڕێژیم , 30 ساڵ قەیران و گۆرانکاری بنەڕەتی لە ڕەوتی پەرەئەستێنەری خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگای ئێمە .

٣٠ی جۆزەردان و بە دواهاتەکانی ئەو , وەک هەر ئاڵوگۆڕێکیتر و لە ئاوا بوارێکدا , نەک ڕووداوێکە بە هەڵکەوت و یان بە تەواوی ئیرادی , بەڵکو تەنیا نیشاندەری بوونی زەمینەکانی عەینی حاشا هەڵنەگرێک بوو لە ڕەوتی پەرەسەندنی خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگای ئێمە . بە هەمان ڕادەی کە بە دواهاتەکانی خۆپیشاندانی بەربڵاوی ٣٠ی جۆزەردان لە دەرەوەی ئەم چوارچێوە نەبوو نەیتوانی بێت , بەڵام ئەم ڕاستیە ناتوانێ ڕەت کەرەوەی هۆکارەکانی کاریگەر چ لە چۆنیەتی ئەم ڕووداوە و چ لە ئاکامەکانی دوایی ئەو بێت . ڕووداوی ٣٠ی جۆزەردان تەنیا لە سەر زەمینەی سیاسی تایبەتێک ئیمکانی سەرهەڵدانی بوو و کاریگەیەکانی تایبەتی خۆی بە سەر ڕەوتی ئەو گۆرانکاریانە کە لە ناو کۆمەڵگا پەرەی دەگرت , بە جێ هێشت . ئەوەی کە لە ٣٠ی جۆزەردان ڕووی دا , تەنیا ڕەنگدانەوەی ڕەوتی خێرای گۆرانکاریەکان لە ئاستی کۆمەڵگا , لە کردەوەی دیاریکراوی چینایەتی هێزەکان و ڕەوتەکانێک بوو کە شان بە شانی پێکهاتنی جەمسەرەکانی چینایەتی پاش ڕاپەرینی ڕێبەندانی ١٣٥٧ , هەر ڕۆژ زۆرتر لە ڕۆژی پێش دا لە بیر و بۆچوونەکانی ئۆتۆپیستی دوور دەکەوتنەوە و جێگای ڕاستەقینەی خۆیان لە نێوان ئاسەواری ڕووداوەکان دەدۆزێنەوە تاکو لە خەونی پڕ لە هەرا و هوریای خەیاڵەکانی خۆشی ڕابردوو بێنە گۆڕەپانی ڕاستەقینەی ژیان و لە گۆرەپانی شەڕی چینەکانی دژ بە یەکتر , جێگای ڕاستەقینەی خۆیان بە دەست بهێنن . بەڵام نە ئەم هەڵبژاردنە و نە ئەو دامەزران لە جێگای ڕاستەقینە , لە ناکاو و بە جوولانێکی زۆر خێرا بە ئەنجام ناگات , ئاڵوگۆڕەکانی سیاسی ئاڵۆزیەکانی تایبەت بە خۆیان هەیە و ئەم ئاڵۆزیە تەنیا بە هۆی زەمینەکانی عەینی ئاوا ئاڵوگۆڕانەی , ئەویش نەک حەتمی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ , بەڵکو لە لێکدانەوەی کۆتاییدا ڕوون دەبێتەوە . حەتمی بوونی شەڕی ئاشکرای چینەکان ئەگەر چی حەتمی بوونێکی مێژووییە , بەڵام گۆرانکاری لە نێوان دوو جەمسەری ئەم حەتمی بوونە کە تایبەتمەندی هێزی کۆمەڵایەتی دیاریکراوێک بە دەستەیکی بەربڵاو لە کۆمەڵگاکانی سەرمایەداری بە تایبەت کۆمەڵگاکانی دواکەوتوویێک وەک کۆمەڵگای ئێمەیە , گونجاو لە گەڵ هاوسەنگی هێز لە نێوان دوو جەمسەری کۆمەڵگای دژ بە یەکتر , و لە ئاکامی گۆرانکاریەکانی دیاریکراوی سیاسی شێوە و شێوازەکانی جۆر بە جۆر بە خۆیەوە دەگرێ , و بە ناو و بە بیانوکەکانی جۆر بە جۆریش لایەن گرتن بەرەو لای ئەم یان ئەو جەمسەری دیاریکراو ڕوو دەدات . ٣٠ی جۆزەردان نەک تەنیا نیشاندەری ڕووخسار و خاڵی پەرەساندنی ئاوا گۆرانکاریێک لە لایەن گرتنی هێزەکانی وردە بورژوایی , بەڵکو خاڵی وەرچەرخان لە باری چۆنیەتی لە هێلی تێپەریوی ئەوان بوو . پاش ٣٠ی جۆزەردان ڕەوتەکانی وردە بورژوایی بە دوو سیمای جیاواز یەک پرۆسەیان تێپەر دەکرد . ئەم سیمایانە ئەگەر چی جیاواز بوون , بەڵام لە ناوەرۆکی خۆیان لە بواری پێگەیێک کە خاڵی دەس پێ کردنیان بوو , وەک یەکتر کاریان دەکرد . ٣٠ی جۆزەردان بە پێچەوانەی ئەوەی کە پێ ناسراوە, نەک پەرە گرتنی چالاکی وردە بورژوازی و زاڵ بوونی بیر و بۆچوونی وردە بورژوازی بە سەر بزووتنەوە , بەڵکو قەیرانی وردە بورژوازی لە بەربەرەکانی لە گەڵ ئەوەی کە لە کۆمەڵگا پێکهاتبوو بوو , و پەیرەوی لە قازانجەکانی چینایەتی تایبەتی و پەیوەندیەکانی پیرۆزی هەموو عاشقانی خاوەن مڵکایەتی تایبەتی بوو . تاکو سیهەمی جۆزەردان , شۆڕش ڕێگای درێژی تێپەر کردە بوو , ڕێژیمێک لە تەختی دەسەلات بە ژێر کیشا بوو و هەموو کوڵەکەکانی دەسەڵاتی ئەوێ بردە بووە ژێر زەبری ورد کەرەوەی خۆی , لە هەمان حاڵدا ڕێژیمێکی تری لە سەر جێگای ئەو بەرەو تەختی دەسەلات فرێ دابوو , ڕێژیمێک کە هێشتا گێژ و مات لەم گۆرانکاریە و لە حاڵێکدا کە دەسەڵاتی سەقامگیر نەبوو , بڕیاری کوشتاری ئەو کەسانەی دەر کرد کە لە ژێر تەقەی چەکی ئەوان پاڵی دابووە تەختی دەسەلات , تاکو توڵەی پێشینیانی خۆی پێش لە هەموو کەسێک لە خەڵکێک بستێنێ کە ئاوا بە زەوق و شەوقەوە لە کردەوەی مەزنی خۆیان دیفاعیان دەکرد و حەتمی بوونی ئەو ئامانجانەی کە بووە هۆی پێکهاتنی یەکێک لە گرێنگترین ڕاپەرینەکانی خەڵکی لە مەودای مێژووی ولاتی ئێمە , تێک بشکێنێ . تاکو توڵەی بێ هێزی مێژوویی خۆی لە هێزێک بستێنێ کە ئاوا سوور بە دوای گومانی خۆی , ئیرادەی کردە بوو جیددی بوونی خۆی لە هەر کاتێکدا , وەک شمشیرێک بکاتە لەشی لاواز و ڕوو بە مەرگی ئەوەی کە بە جێگای دێو دانیشتبوو . دژی شۆڕشی تازە نە توانای دیفاعی ئاشکرای لە ئەوەی کە ڕوو بە مەرگ و نەمان , واتە سیستەمی پڕ لە قەیران و زەبر لێکەوتووی سەرمایەداری بوو و نە هێز و شەهامەتی ئەوێ بوو کە بە ئاسانی و لە مەودای یەک شەودا ئەو سیستەمە نوژەن بکاتەوە . ئەگەر چی ئەم دژایەتیە لە هەمان یەکەمین ڕۆژەکانی بە دەسەلات گەیشتنی چارەسەر کردە بوو و ڕێگای ڕزگاری سەرمایە و سیستەمی چەوسێنەرانەی داسەپاو لە زەبری کۆمەڵانی کرێکار و سەرجەم زەحمەتکێشان نەک لە قسەدا بەڵکو بە کردەوەی ڕاستەوخۆ دژی کۆمەلانی شۆڕشگێر هەڵبژاردە بوو , بەڵام نە توانای بەرەو پێش بردنی ئەوی بوو و نە ڕاکردنی لە بەربەرەکانی لە گەڵ ئەوەی کە خواستی خۆی بە سەر ئەودا داسەپێنێ هەبوو , و نە هێزی ئەم بەربەرەکانیەی هەبوو . ئەو هێزە کۆمەلایەتیە مەزنە کە تاکو سەرتای ڕاپەرین لە ژێر دروشمی ڕووخاندنی ڕێژیمی شا هاودەنگ پێشرەوی دەکرد , و لە ڕاپەرینی ڕێبەندان شی کرایەوە , ئەو چینانە کە لە ڕەوتی ڕووخاندنی ڕێژیمی شا ڕۆڵیان هەبوو , هەر کام بە تێگەیشتنی تایبەتی خۆیان لەم سەرکەوتنە سەرەتائیە , خوازیاری وەدیهاتنی ئامانجەکانی چینایەتی تایبەت بە خۆیان بوون , دەستەی زاڵ و حاکیم خوازیاری ڕاگرتنی کۆمەڵانی خەڵک , و تەنیا ڕازی بوون بە گۆڕینی دەسەلات لە سەرەوە , و پاڵ دان بە دەسەلاتی تازە بوون , و کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش خوازیاری درێژە پێدانی شۆڕش بەشێوەیەکی بەردەوام بوون . بەربەرەکانی لە نێوان ئەم دوو ڕوانگەیە بە نیسبەت بابەتی شۆڕش و ڕەوتی بەرەو پێشی ئەو , ڕەنگدانەوەی دوو تایبەتمەندی چینایەتی دیاریکراو بە نیسبەت تێگەیشتن لە ئامانجەکانی شۆڕش بوو . ئەگەر چی دەسەلاتی سیاسی لە دەستی بەشێک لە بورژوازی دەر هاتبوو , بەڵام درا بووە بەشێکیتر لەو و لە تێکەڵاوی لە گەڵ تویژەکانی سەرەوەی وردەبورژوازی , و لایەنێکی جگە لە سەقامگیری

بارودۆخی سەرمایەی نەبوو . جێ بە جێ کردنی سیاسەتەکانی سەرکوتگەرانە و هێرش بۆ سەر ناوەندەکانی درێژە پێدانی شۆڕش لە هەمان ڕۆژی دوای راپەرین نیشانەی زۆر روون و ئاشکرای ئەم راستیە بوو . بەڵام بە پێچەوانەی بیر و بۆچوونی دەستەی زاڵ , بابەتی شۆڕش بۆ کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش بەم گۆرینەوە و جی گۆرینەوە کۆتایی پێ نەهاتبوو , لە راستیدا راپەرینی رێبەندان سەرەتائێکی دیکە بۆ پەرەساندنی شۆڕش و رێگا خۆشکەرەوەی جێ بە جێ کردنی راستەوخۆی ئیرادە و خواستی کۆمەڵانی خەڵك بۆ بەرەو پێش بردنی شۆڕش بوو . ئاڵوگۆرەکانی پاش راپەرینی رێبەندانیش لە ژێر کاریگەری بەربەرەکانی نێوان ئەم دوو بۆچوونە هەڵسەنگاندنیان لە سەر دەکرێت و ناوەرۆکی خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگای ئێمە ئاشکرا دەکاتەوە .

لە سەرەتای ٣٠ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ , ئەم بەربەرەکانیە لە نێوان شۆڕش و دژی شۆڕش گەیشتە یەکێک لە ناسک ترین قۆناخەکانی خۆی و پرۆسەیێکی پڕ لە هەوراز و نشێو و ئاڵۆزیی تێپەر کردە بوو . شووراکانی کرێکاری بەرە بەرە کەوتنە بەر هێرشی دژی شۆڕشی حاکیم , بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی نەتەوەکان بە وەحشیانەترین شێوەی مومکین سەرکوت کرا , ئازادیەکانی دیموکراتیکی کۆمەڵانی خەڵك سەرکوت دەکرا , پێکهاتە دیموکراتیکەکان تێك شکا بوون , زیندان و ئەشکنجە و کۆشتاری کۆمەڵانی خەڵك بەربڵاو پەرەی گرتبوو , کۆماری ئیسلامی مەرجی دامەزران و سەقامگیری خۆی لە کۆشتاری نەتەوەی کورد , عەرەب , تورکمەن و کۆشتار لە کارخانە تاکو زانکۆکان , دۆزیبوو . بەڵام ئەمانە هەر هەموویان یەك لایەنە نەبوون , رێژیم ئەگەر چی هەنگاوەکانی گرێنگی بۆ پاراستن و ڕاگرتنی سیستەمی حاکیم هەڵگرتبوو , بەڵام شۆڕشیش ڕانەوستا بوو و کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش گۆرەپانەکانی نوێیان بۆ خەبات دژی کۆماری ئیسلامی کردە بوونەوە , بزووتنەوەیێکی مەزن لە ناو جەرگەی گۆرانکاریەکانی چەند ساڵەی پاش راپەرین سەری هەڵدا بوو , کە تایبەتمەندی ئەو تێپەرین لە ئامانجەکانی نادیار و لێڵی دەورانی راپەرین بەرەو خواست و ئامانجەکانی دیاریکراوی خەباتەکانی پاش راپەرین بوو . ئەگەر تاکو دوێنێ بۆ کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش ئەمەی کە خوازیاری چ شتێکن و چ کارێك پاش رووخاندنی رێژیمی شا دەبێ بکەن , زۆر نادیار و نەناسراو بوو , ئەمڕۆکە ئیتر ئەزموونی پاش راپەرینی رێبەندان و زۆرتر لە دوو ساڵ خەبات دژی دەسەڵاتداریەتی دواکەوتووانەی کۆماری ئیسلامی ئەوانمی فێر کردە

بوو کە داوای چی بکەن و چۆن بە دەستی بهێنن . کۆمەڵانی خەڵك دیوارەکانی ئەستووری گۆمان لە کردەوەیان رووخاندە بوون و سنووری نێوان هێزی سەربەخۆی خۆیان و هەر هێزێکیتر بە کردەوە تەجرووبە کردە بوون . لە سەرەتای ٣٠ی جۆزەردان , کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش لە ڕەوتی خەباتی بە کردەوەی خۆیان , ئەزموونی زۆرتریان وەر دەگرت , ریزەکانی چینایەتی لە نێوان کۆمەڵانی خەڵك زۆرتر لە یەکتر جیا دەبوون و رەنگدانەوەی عەینی خۆی لە جیابوونەوەکانی ناوخۆیی هێزەکانی سیاسی نیشان دەدا . لە سەرەتای ٣٠ی جۆزەردان و بە هۆی جیابوونەوە لە بە هێزترین ئۆپۆزیسیونی چەپی ئێران واتە رێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران, هاوسەنگی هێزەکانی کۆمەڵگا بە شێوەیێکی کاتی بە قازانجی دژی شۆڕشی حاکیم گۆری و گۆرەپانی سیاسی کۆمەڵگای کردە مەیدانی چالاکی بێ رەقیبی ڕەوتەکانی وردە بورژوایی و لیبراڵ . و ئەم راستیەیش تایبەتمەندی ئەسڵی ٣٠ی جۆزەردان پێك هێنا کە رەنگدانەوەی بە کردەوەی خۆی لە راستیدا لە مەودای ٣٠ی جۆزەردان و ڕەوتی پاش ئەو نیشان دا .

ئەگەر گۆرانکاریەکانی پێش لە ٣٠ی جۆزەردان , لە ڕەوتی پەرەساندنی خۆی , گونجاو لە گەڵ پەرساندنی خەباتی چینایەتی بەشێك لە ڕەوتەکانی وردە بورژوایی بە پەیرەوی کردن لە دەسەڵاتی داسەپاو ڕاکیشا تاکو ناوەرۆکی راستەقینەی خۆیان لە خزمەت کردن بە بورژوازی هەر چی زۆرتر نیشان بدەن , درێژەی ئەم ڕەوتە لە ڕەوتی پاش ٣٠ی جۆزەردان هەندێك بە خیانەتی ئاشکرا و سیخۆری رەسمی بۆ کۆماری ئیسلامی هان دا ( وەك ئەکسەریەت و حیزبی توودە ) و ڕەوتێکیتری سیاسی وەك موجاهیدی خەڵك بە جیا بوونی تەواو لە بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵك بە تەواوی چووە ئامێزی بورژوازی .

ئەمڕۆکە پاش تێپەر بوونی 30 ساڵ لە ٣٠ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ , و رووداوەکانی پێش و پاشی ئەو , کاتێك بە درێژەی ڕەوتی گۆرانکاریەکان کە لە مەودای ئەم 30 ساڵە بە سەر بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران تێپەریوە , دەروانین و بۆ جارێکیتر ڕۆژەکانی پڕ لە جۆش و خرۆشی پێش و پاش لە ٣٠ی جۆزەردان دەخەینە بەر هەڵسەنگاندن , لە ڕەوتی یاسایی خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگای ئێران , سەرەرای هەموو هەوراز و نشێوی ئەو , گەشە و پەرەساندنی شۆڕش , لاوازی و تێك شکانی ئۆپۆزیسیونی بورژوا ــ لیبراڵی و بیر و بۆچوونەکانی بەلارێ چووانە لە لایەکەوە و مەرگ و نەمانی حەتمی دژی شۆڕش و دواکەوتوویی داسەپاو لە لایێکیترەوە وەك ئاکامی حەتمی ئەم ڕەوتە بە هەموو هەوراز و نشێوی خۆی , وەك راستێکیئاشکرا و حاشا هەڵنەگر سەڵمێندراوە . ئەمڕۆ پاش تێپەر بوونی 30 ساڵ بە سەر هێرشی درندانە و وەحشیانەی رێژیم بۆ سەر بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کۆمەڵانی خەڵك , زریانی بە هێزی شۆڕش بە هەموو گەورەیی و توانای , رێگای سەرکەوتنی لە ناو سەرکوت و کۆشتار و هەژاری و چارەڕەشی سەرچاوە گرتوو لە دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی دەکاتەوە .

بیرەوەری ٣٠ی جۆزەردان بە رێزدانان لە یادی قارەمانەتی قوربانیانی ئەم ڕۆژە خوێناویە , بە فێر بوون لە ئەزموونەکانی پڕ لە بایەخی بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵك بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانیان بەرز و بەرێز ڕادەگرین .

**کرێکاران , زەحمەتکێشان , پورسنیلی شۆڕشگێر , کۆمەڵانی ژێر دەستە و چەوساوە مەرجی گرێنگ و سەرەکی بۆ بەردەوامی و کاریگەر بوونی خەباتی ئێوە دژی هەژاری و دواکەوتوویی و سەرکوت یەکگرتنی ریزەکانتانە . بە یەکگرتنی ریزەکان و رێکخستنی جووڵانەوەی نارەزایی ئێوەیە کە زەمینەی باش و گونجاو بۆ وەرآ خستنی مانگرتنی سەرانسەری و هاوکات لە گەڵا ئەو راپەرینی چەکدارانەی گشتی و سەرانسەری کە تەنیا هۆکاری رووخانی دەسەڵاتی رەشی سەرمایە و دواکەوتووئیە , ئامادە دەکرا . مانگرتنی سەرانسەری و راپەرینی چەکدارانەی گشتی تەنیا رێگای رزگاری و گەیشتن بە عەدالەتی کۆمەڵایەتیە**







سوسیالیزم ژیانێکی جیهانی بەرەسمی دەناسێت کە لەوێدا سنوورەکان مانایکی یان نیە.

ئیمە خوازیاری یەکگرتنی هەموو نەتەوەکان وەك کۆمەڵگای ئینسانین. بەلام نە لە رێگای زۆر و ستەم. بەڵکو لەسەر ئەساسی هەڵبژاردنی ئازاد.

کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئیران کە لەیەکگرتنی دڵ خوازانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوچەکان، نەتەوەکان و فەرهەنگە جوراوجورەکان پێك دێت. مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان تاکو سەربەخۆیی یان. بەرەسمی دەناسێت.

# لویز هاین

ماموستای وێنە کیش ، رەخنەگری کۆمەڵایەتی و وێنەگری ئامریکایی لە ساڵی ١٨٧٤ لە دایك بوو . بۆ بژیوی خۆی هەموو دەورانی منداڵی و لاویی خەریکی کار بوو و لەم دەورەیە بە هەموو وجودیەوە هەست بە چەوساندنەوە و ستەمی کرد . بێکاری و هەژاریشی تەجرووبە کرد . هەلومەرجی ژیان و دەوروبەری ئەو و هەروەها تەجرووبیاتی ژیان تەعسیری خۆی لە سەر لویز دانابوو . لویز هاین لە کامیرای ( دووربینی ) وێنەگری خۆی بۆ نیشان دانی هەلومەرج و بارودۆخی سەخت و نالەباری کاری کرێکاران و کاری منداڵان لە کۆمەڵگای چینایەتی سەرمایەداری کەڵك وەرگرت و لەم بروایەدا بوو کە دەتوانرێ لە کامیرای وینەگرتنیش وەك چەکێك ئیستفادە کرد . ئەگەر چی هەوڵی هاین بۆ بەیانی بارودۆخی دلتەزین و نالەبار لە هێلی گۆرینی پەیوەندیەکانی کۆن نەبوو بەڵام توانی کار و ژیانی کرێکاران بە باشی لە وێنەکانیدا بگونجینێ . وێنەکانی ئەو نەمایشێکی زیندوو بوو لە هەلومەرجی زاڵمانە و غەیری ئینسانی حاکیم بە سەر کرێکارانی مەهاجر و منداڵنیان . وێنەکانی لویز لە کاری کرێکاران و منداڵنیان توانی تەعسیر لە سەر بیروبۆچوون و رای گشتی دابنێ بۆ گۆرینی هەلومەرجی کار و ژیانی چەوساوەکان و زمینەکانی ریفورم و باش بوونی رێژەیی هەلومەرجی کار لە کارخانەکان بە وجود بێت .



ڕێز دانان لە سەر مەزاری شەهیدانی کۆمەلە

لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٦/٩ هاورێ بە نوێنەرایەتی لە ڕێکخراو و کومیتەی کوردستان

لە سەر مەزاری شەهیدانی کۆمەلە لە گردی سەیوان حازر بوو و بە چەپکە گولێک ڕێز لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سوسیالیزم گرت .

بەرێز بێت یادی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سوسیالیزم

کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست

## غزل زمانه

نغمه در نغمهٔ خون غلغه زد، تندر شد
شد زمین رنگ دگر، رنگ زمان دیگرشد
چشم هر اختر پوینده که در خون می‌گشت
برق خشمی زد و بر گردهٔ شب خنجر شد:
-شب خودکامه که در بزم گزندش، گل خون
زیر رگبار جنون جوش زد و پرپر شد
بوسه بر زخم پدر زد لب خونین پسر
آتش سینهٔ گل، داغ دل مادر شد-
روی شبگیرگران، ماشهٔ خورشید چکید
کوهی از آتش خون موج زد و سنگر شد
آنکه چون غنچه ورق در ورق خون می‌بست
شعله زد در شفق خون، شرف خاور شد
آن دلاور که قفس با گل خون می‌آراست
لبش آتشزنه آمد، سخنش آذر شد
آتش سینهٔ سوزان نو آراستگان
تاول تجربه آورد، تب باور شد
وه که آن دلبر دلباخته، آن فتنهٔ سرخ
رهروان را ره شبگیر زد و رهبر شد
شاخهٔ عشق که در باغ زمستان می‌سوخت
آتش قهقه در گل زد و بارآور شد
عاقبت آتش هنگامه به میدان افکند
آن‌همه خرمن خون‌شعله که خاکستر شد

سعید سلطانپور



**تازەترین ڕاگەیاندراوەکان لە سایتی ڕێکخراو وەرگرن:**

WWW.kare-online.com

www.fedayi.org

**ناونیشانی سایتی ڕێکخراو ، پۆستی ئلکترۆنیك ، کومیتەی کوردستان ، و ژمارە فاکسی پەیوەندیە گشتیەکانی ریکخراو بریتین لە :**


webmaster@fedayi.org

Kurdistan@fedayi.org

*FAX:+46317792571*


**بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ,**

**دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شووراییی !**